# ژنانی ناوپەرلەمان و کێشەی ژنانی دەرەوەی پەرلەمان

ئاسۆکمال
asokamal@yahoo.com

سەرتاپای کۆمەڵگای کوردستان دژ بە کوشتن و توندتیژی بەرامبەر بە ژنان هاتۆتە دەنگ و رۆژبەرۆژ دژ بەم دیاردە دزێوە دەنگی نارەزایەتی بەرزدەبێتەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە ئەم کێشە گەورەیە ژنانی ناو پەرلەمان نابزوێنێ. ژنانی نێو پەرلەمان سەرقاڵی چ شتێکن لە کێشەی کوشتنی ژنان گەورەترە و مەجالیان نیە رۆژێکی پەرلەمان بە مەسەلەی ژنانەوە خەریك بکەن؟ بۆچی ئەم ژنانە لەدژی قانونە پیاوسالاریەکان و شەریعەتی ئیسلامی کە سەرچاوەی کلتوری پلەدوویی ژنانە دەنگ هەڵنابڕن و رۆژێك لە پەرلەمان مان بگرن لەدژی ئەو یاسایانە؟ بۆچی ناتوانن دەزگای دادگا و قازیەکان راپیچنە بەردەم پەرلەمان و لە نەبونی ئیجرائات بەرامبەر بە تاوانبارانی کوشتنی ژنان بپرسنەوە ؟

بە نەبونی هیچ کام لەمانە لەدەستوری ژنانی ناوپەرلەماندا دەبێت بە ئینسافەوە مامەڵە لەگەڵ جێگاو رێگای ئەو ژنانە و خودی پەرلەمانیش بکرێت. پەرلەمان ونوێنەرایەتی ژنان لەو پەرلەمانەدا کە لەسەر گەورەترین کێشەی کوشتن و تودوتیژی کە کێشەی ژنانە قسەی نەبێت هیچ مانایەکی نیە جگە لەوەی کە ئەو پەرلەمانە و ژنانی بەشدار تیایدا دەورێکی واقعی و فعلی نیە و تەنیا پاشکۆیەکی ڕەمزی و رازاندنەوەی دەسەڵاتێکی نامەدەنیە لە کوردستاندا نەك چاودێر بەسەر دەسەلات و لەوەش زیاتر یاسا دانەر و نەخشەدانەر بێت بۆ دەسەڵات. سیستمی سیاسی دەسەلات لە کوردستاندا سیستەمی دەسەلاتدارێتی دوو حزبی چەکدارە کە کۆنترۆڵی ئیدارە و داهاتی کوردستانیان کردوە و هیچ فرسەتێکی تێدانیە بۆ ژنان و هیچ توێژ و چینیکی کۆمەڵایەتی کە مافەکانی دابینەکراوە و ستەمی لێدەکرێ بەم دەسەڵاتە و نارەزایەتی دەردەبڕێ و خوازیاری گۆرینی ئەم هەلومەرجەیە. ژنانی ناو پەرلەمان لە سیستەمێکی وادا دەورێکیان نیە جگە لە پڕکردنەوەی بۆشاییەك کە حیزبی چەکدار لەپێشەوە دیاریکردوە وبڕیار بەدەستی ئەول وئاخرە. ژنانی ناوپەرلەمان ئەگەر نارەزایەتی بەرامبەر بەم سیستەمە دەربڕن زوو پۆستەکانیان لێدەسەندرێتەوە و لەجێگایاندا ژنانێکی بێدەنگ دادەنێن. ئایا ژنانێکی لەم چەشنە کە ئامادەن ئیمتیازاتی شەخسی خۆیان بخەنە خەتەرەوە لەم پەرلەمانەدا هەن و دەورێکیان بۆ خۆیان داناوە لە گەورەترین کێشەی ئینسانی ئەم خەڵکەدا بیگێڕن؟

تەجروبەی چەندین ساڵی بێکەڵکی ئەم پەرلەمانە و نەبونی دەوری ژنان تیایدا ئەو راستیە دەخاتە ڕوو کە ژنان دەبێت لەدەرەوەی پەرلەمان چاوەڕێی چارەسەری کێشەکانیان بن و ژنانی ناوپەرلەمانیش ئەگەر دەیانەوێت دەورێك بگێڕن دەبێت لە بەرامبەر دەسەلاتدا ببنە فشار. ئەوانەی کەیسی کۆتایی هینان بە کوشتن وتوندوتیژی دەداتە دەست ژنانی پەرلەمان تا بەسەرەنجامی بگەیەنێت ئەوا لەسەرەتاوە خۆی بێکارکردوە و لەچاوەروانی گۆدۆی پەرلەماندا خۆشخەیاڵانە دانیشتوە . حەرەکەتێك کە دژی کوشتنی ژنان و توندوتیژی لە دوای روداوی کوشتنی دوعاوە دەستی پێکردوە جیگای ئومێدە کە بتوانێت ئالوگۆڕ لەم وەزعەی ژناندا پێك بێنێ . ئاسۆیەك کە ئەم بزوتنەوە یەکسانیخوازانە لەبەردەم خۆیداداناوە رۆژ بەرۆژ ئەم ئومێدە لەنێوژناندا گەورەتر دەکا و ژنانی نێو پەرلەمانیش ئەگەر دەیانەوێ کارێك بۆ کێشەی ژنان بکەن پیویستە لەریزی ئەم بزوتنەوەیەدا شوێنی خۆیان ببیننەوە.